# بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی و نەوت و گازی هەرێمی کوردستان

16-02-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** ڕۆژی 15ی شوبات، دادگای فیدراڵی عێراق لە دانیشتنێکدا بە فەرمی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانی بەنادەستووری هەژمارکرد و داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد تەواوی ئەو بەرهەمە نەوتییەی لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەوە دەردەهێنرێت رادەست بکات[1]. ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ قەتەر، لێرەدا دوو پرسیارە سەرهەڵدەدات، بۆچی بڕیاری دادگای فیدراڵی و بۆچی لەم کاتەدا؟

**مەحموود بابان*** ـناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو |

**بەرایی**

رۆژی 15ی شوبات، دادگای فیدراڵی عێراق لە دانیشتنێکدا بە فەرمی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانی بەنادەستووری هەژمارکرد و داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد تەواوی ئەو بەرهەمە نەوتییەی لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەوە دەردەهێنرێت رادەست بکات[1]. ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ قەتەر، لێرەدا دوو پرسیارە سەرهەڵدەدات، بۆچی بڕیاری دادگای فیدراڵی و بۆچی لەم کاتەدا؟

لەڕاستیدا، بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی لە پێنج خاڵ پێکهاتووە، کە جەوهەری سەرەکی بڕیارەکە جڵەوکردنی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانە. لەوانەش زیندووکردنەوەی ئەو داوایانە و دەرکردنی لەم کاتەدا بەهۆی دەرکەوتنی دوو پێشکەوتنی خێرا بێت لە گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان، ئەوانیش زیادبوونی توانای بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان لە ئەمساڵ و بەشداریکردنی لە تۆڕی دابینکردنی گازی سرووشتی ئەورووپا. ئەمەش سەرەڕای بەکارهێنانی وەک کارتێکی سیاسی لەم قۆناخەی ئێستای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق.

**گرنگی گازی سرووشتی قەتەر و هەرێمی کوردستان**

رۆژی 15ی شوبات، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میری قەتەر کۆدەبێتەوە، کە یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکان وزەیە. لەڕاستیدا گازی سرووشتی نەوەکو نەوت و جۆرەکانی دیکەی وزە. هەر لەم مانگەدا لە ئەنقەرە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغان کۆبووەوە و ئەردۆغانیش لەوەڵامی یەکێک لە رۆژنامەنووسەکاندا گوتی "لەبارەی گازی سرووشتیی عێراقیش لەسەر بنەمای قازانج بە قازانج رێککەوتن دەکەین و هەم ئێمە قازانج دەکەین و هەم ئەوان قازانج دەکەن".هەروەها، ئەردۆغان سەردانی ئیماراتی کرد و لەئاستێکی باڵادا کۆبوونەوەی کرد. هەروەها لەم مانگەشدا میری قەتەر گەیشتە کۆشکی سپی و لەگەڵ بایدن کۆبووەوە، هەموو ئەم قەرەباڵخی ترافیکی دیپلۆماسییە بەهۆی وزەیەکی پاکتر لە نەوت و هەرزانتر لەبازاڕ و کەمیکش ئاڵۆزتر لە دەرهێنان و گواستنەوەدایە، کە ئەویش گازی سرووشتیە!

گرژییەکانی ئەم دواییەی رووسیا و ئۆکرانیا جموجوڵیکی گەورەتری خستە بازاڕی وزەوە و بەتایبەتیش گازی سرووشتی، چونکە رووسیا دابینکەری یەک لەسەر سێی گازی سرووشتی ئەووروپایە و ئۆکرانیاش هەڵقەی زنجیرەی ئەو دابینکردنە بووە، هەرچەندە بەدرێژایی ساڵانی رابردوو هەناردەکردنی گازی سرووشتی لە رووسیاوە بۆ ئەورووپا لەرێگەی ئۆکرانیاوە لە 140 ملیار پێ سێجا کەمیکردووە بۆ 42 ملیار پێ سێجا، واتە بەڕێژەی 70% کەمیکردووە، ئەمەش لەرێگەی بنیاتنانی بۆریی گواستنەوەی دیکەی وەک تورکیش ستریم، یەمەل ـئەورووپا، بلو ستریم و نۆرد ستریمەوە، کە دواهەمینیان نۆرد ستریم -2.

قەتەر رێزبەندی سێیەمی لەدوای ئێران و رووسیا لە پلەی وڵاتانی خاوەنی گازی سرووشتی گرتووە، کە بەپێی هەمان رێزبەندی ئەگەر هەرێمی کوردستان وەک دەوڵەت لەو ریزبەندییەدا ئامادە بکەین ئەوا حەوتەم وڵاتی خاوەن یەدەگی گازی سرووشتی لە جیهاندا دەبێت، کە ئەمەش لەگەڵ قەتەر بەیەکەوە دەیانکاتە یەکەم لەسەر ئاستی جیهان.

سەرەتای کانوونی دووەمی 2019وە قەتەر بەفەرمی ئەندامبوونی خۆی لە رێکخراوی ولاتانی هەناردەکردنی نەوت (ئۆپێک) کشاندەو، کە هاندەری سەرەکی ئەوکات دۆزینەوەی گازێکی سرووشتی فراوان بوو. هەربۆیەش لەم مانگەدا جۆ بایدن بە میری قەتەری گوتووە وڵاتەکەی دەیکاتە هاوپەیمانێکی سەرەکی، کە بنەماکەی دابینکردنی گازی سرووشتی ئەورووپایە.

خوێندنەوەی جیاواز بۆ گرژییەکانی رووسیا و ئۆکرانیا دەکرێت، بەڵام داڕشتنەوەی سیاسەتی دابینکردنی گازی سرووشتی ئەورووپا یەکێکە لە لێکەوتە سەرەکییەکانی هەرچی ئەوەی پەیوەستە بە گازی سرووشتییەوە پشوو درێژییەکی زیاتری دەوێت، چونکە

بەرهەمهێنان و گواستنەوەی گازی سرووشتی زەحمەترە وەک لە نەوت و جۆرەکانی دیکەی وزە.

گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان بەرەو پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ دەڕوات و دەتوانێت لە ئەمساڵ و ساڵی داهاتوودا بگاتە قۆناخی هەناردەکردن، هەربۆیەش لەم دۆخەی ئێستا چاوەکان کەتووەتە سەر هەولێر.

یەکێک لە کیشە سەرەکییەکانی گازی سرووشتی وەبەرهێنانێکی گەورە و قازانجێکی کەمی درێژخایەن، هەربۆیەش ئەوانەی بەدوای دەستکەوتی خێراوەن خۆیان بەدوور دەگرن، بەڵام ئەوانەی ستراتیژییەتیان هەیە هەنگاوەکانیان وردتر دەکەنەوە.

**عێراق و پێداویستی گازی سرووشتی**

بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی (ڕۆژی 15ی شوبات) ڕەنگە ڕەهەندێکی سیاسی هەبێت، هەربۆیەش موقتەدا سەدر لە تویتکدا[2] داوایکرد پەرلەمان ڕێگە لە دەستیوەردانە سیاسییەکانی دەسەڵاتی دادوەرییبگرێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەم بڕیارە سێ ڕەهەندی دیکەی پەیوەست بە عێراق هەیە. یەکەمیان پێداویستی عێراق بە گازی سرووشتی ، بۆ نموونە لە 2019دا عێراق 378 ملیار پێ سێجا گازی سرووشتی بەرهەمهێناوە، لەکاتێکدا لەو ساڵەدا 636 ملیار پێ سێجا گازی سرووشتی هاوردەکردووە، کە زۆربەشی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بووە[3]. هەروەها تاوەکو کۆتایی 2020 عێراق خاوەنی یەدەگی 132 تریلۆن یەدەگی گازی سرووشتی. ڕەهەندی دووەمیش پەیوەندی بە گرێبەستەکانی ئەم دواییەی پەیوەست بە پەرەپێدانی گازی سرووشتی لە کێڵگەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق. بۆ نموونە ئەم دواییەی نێوان عێراق و کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی بە بەهای دەیان ملیار دۆلارە و خۆی لە چوار پرۆژەدا دەبینێتەوە، لەسەروو هەمووشیانەوە گازی سرووشتی، کە بە گوتەی پاتریک بۆیان، بەڕێوەبەری گشتی تۆتاڵ "کۆمپانیای تۆتاڵ وەبەرهێنان لە پێنج کێڵگە (قۆڕنە 2، مەجنوون، ئارتاوی، توبا و لۆهەیس) بۆ بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی دەکات. هەروەها لە قۆناخی یەکەمدا چاوەڕواندەکرێت بە بڕی 300 ملیۆن پێ سێجا گازی سرووشتی بەرهەمبهێنێت و لە قۆناخی دووەمدا بگاتە دوو هێندە ئەو بڕە[4]. هەروەها ڕەهەندی سێیەمیان پەیوەستە بە ئێران، کە ئێستا عێراق بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی بەرهەمهێنانی کارەبا، گازی سرووشتی لە ئێرانەوە هاوردە دەکات، ئەگەر عێراق بتوانێت لە هەرێمی کوردستانەوە یاخود ناوخۆیی عێراق گازی سرووشتی بۆ تەواوی پێداویستییەکانی بەرهەمبهێنێت ئەوا پێویستی بە ئێران نەوەکو کەمدەبێتەوە بەڵکۆ نامێنێت، کە بەگوتەی وەزیری کارەبای عێراق "ئێستا عێراق قەرزاری ئێران بە بڕی 1.6 ملیار دۆلار بەهۆی هاوردەکردنی گازەوە[5].

هەروەها، ڕەنگە ئەم بڕیارەی ئەمڕۆی عێراق پەیوەست بێت بە باڵانسی هێزەوە لەناوخۆدا، چونکە ئەگەر هەرێمی کوردستان بڕواتە ئاستێکی هەناردەکردنی گازی سرووشتی بۆ ئەورووپا لەڕێگەی تورکیاوە یاخود بتوانێت هەناردەی عێراق بکات، ئەوا دەبێتە فاکتەرێکی بەهێزی دارشتنەوەی باڵانسی هێز لەناوخۆی عێراقدا.

**گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان؛ نەخشەی داهاتووی جیهانی وزە**

ڕۆژی 12ی کانوونی دووەمی 2022 کۆمپانیای داناگاز ڕایگەیاند کە "بەرهەمهێنانی گاز لە کێڵگەی خورموور گەیشتووەتە 452 ملیۆن پێ سێجا لەڕۆژێکدا، لەکاتێکدا ئەمەش بە بەراورد بە ساڵی 2018 بەڕێژەی 50% زیادیکردووە، هەروەها کارەکانی پرۆژەی فراوانکردنی بەرهەمهێنان بۆ ئەوەی بگاتە 700 ملیۆن پێ سێجا لەڕۆژێکدا بۆ ساڵی داهاتوو بەردەوامە "،[6] ئەمەش لەکاتێکدایە هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوەن کە تاوەکو پێش 2025، بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان لەڕۆژێکدا بگاتە 950 ملیۆن پێ سێجا.

پێش سەرهەڵدانی گرژییەکانی رووسیا و ئۆکرانیا، تەنیا دوو بژاردەی سەرەکی لە بەردەم گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان هەبوو، ئەوانیش عێراق و تورکیا، بەڵام لەدوای گرژییەکانەوە هەرێمی کوردستانیش وەک یەکێک لە خاوەن گەورەترین یەدەگی گازی سرووشتی لە جیهاندا، کە بەپێی دوایین ڕاپۆرتی دانا گاز یەدەگی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان 4.4 تریلۆن پێ سێجایە، کە ئەمەش ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ئەو کێڵگە گازیانەی کەتوونەتە هەرێمی کوردستانەوە گەورەترین کێڵگەی گازی لە سەرانسەری عێراق . [7]

پەیمانگەی واشنتن لەسەرەتاکانی 2021دا لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ وەزارەتی وزەی ئەمریکا ئامادەکرابوو، ئاماژە بەوەکرابوو گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان تەنیا ئامانج لێ دوورخستنەوەی عێراق نییە لە ئێران، بەڵکۆ دەتوانێت پێداویستی ناوخۆ پڕ بکاتەوە و هەناردەی تورکیا و بازاڕەکانی جیهان بکرێت، چونکە لەڕووی نرخەوە دەتوانێت[8] . لەم هەفتەیەشدا کارەکانی ڕاکیشانی بۆری گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان بۆ سنوورەکانی تورکیا دەستیپێکردەوە، کە لە ڕێگەی ئەم دوو بۆرییەوە دەتوانێت قەبارەی بەردەست بۆ هەناردەکردن دابین

بکات.

لەڕاستیدا، تورکیا ناوەندێکی سەرەکییە بۆ هەناردەکردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، لەماوەی 9ساڵی رابردوودا رێککەوتنەکانی هەناردەکردنی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا لە 4 ملیار مەتر سێجا ساڵانەوە بۆ 10 تاوەکو 20 ملیار مەتر سێجا زیادیکرد، لەکاتێکدا رێککەوتنی هەرێمی کوردستان و رۆسنەفت بۆ درووستکردنی بۆرییەکی هەناردەکردنی گازی سرووشتی کە توانای 30 ملیار مەتر سێجا بێت ئەنجامدراوە.

**کۆتایی**

لەوانەیە بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی عێراق لەبارەی نەوت و گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان یەکێک لە ئامانجە کورتخایەنەکانی درووستکردنی گوشار بێت لەسەر لایەنەکان لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، بەڵام ئامانجە درێژخایەنەکانی مەترسیدارە بەتایبەتی لەم دۆخەدا کە دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی جیهان و بنەماکانی سەرچاوەیەکی دیکەی وزە (گازی سرووشتی) بۆ ئەورووپا روویان لە هەرێمی کوردستانە، چونکە یەدەگی پێویستی گاز دۆزراوەتەوە و قۆناخەکانی بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی فراوانکردنی بەرهەمهێنان بەرەو کۆتایی دەڕوات.

لەروویەکی دیکەوە، کەرتی پیشەسازی نەوت و گازی  هەرێمی کوردستان تازە بەشێکە لە نەخشەی جیهانی وزە، ئەمڕۆ یاخود سبەینێ بێت وەبەرهێنەرەکانی ئەم کەرتە و وڵاتانی خاوەن وەبەرهێنەر دێنە پێش لەهەمبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکان! هەروەها، بڕیاری سیاسیش لەوانەیە بە سیاسی بمێنێتەوە تاوەکو ئەو کاتەی دانوساندنەکان کۆتایی دێت، بەڵام لەرووی قانوونیەوە زیندووە و هەموو کات کارتێکی فشارە.

لەکۆتاییدا، دوو تێبینی هەیە، کە دەبێت ئاماژەیان بۆ بکرێت ئەوانیش یەکەمیان بەشداریی رووسیایە لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەرێگەی هاتنی رۆسنەفت و گازپرۆم( کە کار لە راکیشانی بۆری گازی سرووشتی و دەرهێنانی گازی سرووشتی کێڵگەی نەوتی گەرمیان ) دەکەن، بۆچی کێڵگەی نەوتی گەرمیان! ئەوە پرسێکی دیکەیە و لیرەدا جێ نابێتەوە، هەروەها تێبینی دووەم بەخشینی یارمەتی دارایی وەزارەتی وزەی ئەمریکایە بە داناگاز بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی گازی خورمور بە بڕی 250 ملیۆن دۆلار[9] ، لەکاتێکدا رۆژی 9ی شوبات دانا گاز لەراپۆرتی ساڵانەیدا ئاماژەی بەوەکرد کە  رایگەیاند کە 317 ملیۆن دۆلار قازانجی کردووە [10].

سەرچاوەکان


[1] https://www.rudaw.net/sorani/business/150220224

[2] مقتدى السيد محمد الصدر (@Mu_AlSadr) / Twitter

[3] Country Analysis Executive Summary: Iraq (eia.gov)

[4] Iraq signs agreement with Total for four energy projects | Reuters

[5] Iraq is $1.6 billion in arrears on Iran gas payments: Minister | Al Arabiya English

[6] https://www.danagas.com/wp-content/uploads/2022/01/20220111-Record-Gas-production-En22.pdf

[7] https://www.danagas.com/operations/kri/

[8] [8] https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/gas-iraqi-kurdistan-market-realities-geopolitical-opportunities

[9] [9] https://www.danagas.com/wp-content/uploads/2021/09/DFC-Financing-Release-8-Sept-2021-Ennnnnnnnnnnnnn.pdf

https://www.danagas.com/wp-content/uploads/2022/02/20220208-FY-2021-Press-Release-En.pdf [10] [10]